# چۆن ژینگەی بیناسازی و پلانسازی شارەکان لە جیهانی ئیسلامیدا گۆڕانکاریان بەسەردا هات لە سەردەمی نوێدا؟

**م.ی گۆران عبداللە حمەعلی**

بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٨ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە**

ئەو ململانێ و شڵەژانەی کە لە بوارە جیاوازەکانی فکردا تێبینی دەکرێت و کاری لەسەر کراوە، دەکرێت هەمان شت بە ئاشــکرا لە بوارە جیاوازەکانی هونەر و بیناســازی و پلانســازی شــاردا هەســتی پێبکرێت و ببینرێت. بەڵام ئەو ناسـازگاریە لە هیچ شـوێنێکی دونیادا بەقەد بیناسـازی ئەو ژینگە شـارسـتانیەی کە زۆربەی موسـڵمانانی لەسـەردەمی نوێدا تێیدا دەژین ڕوون و ئاشـکرا نیە. ئەگەر لە بواری ڕۆشـنبیریدا، فەلسـەفەی فەرەنسـی یان ئینگلیزی و ئەڵمانی لە کێبڕکێدا بن لەگەڵ هزری ئیسلامی تراديشنەڵدا، ئەوا ئەم کێبڕکێیە زۆر بە زەحمەت بەدیدەکرێت لە بواری بینا سازیدا چونکە موسڵمانەکان لەو ژینگەیەیی کە ئێستا تێیدا دەژین شوێن بیناسازی ڕۆژئاوایی کەوتوون و هەریەك لە شێوازی بینا سازی ئینگلیزی، ئیتاڵی، ئەمەریکی، ئەڵمانی....هتد لە ناوچە جیاوازەکانی شارستانیەتی ئیسلامی سەردەمی نوێدا بەدی دەکرێن. شــاری کفریش وەك یەکێك لەو شــارانەی کە بەچەند قۆناغێکی مێژووی ئیســلامیدا تێپەڕیوە بێبەش نەبووە لە بەرکەوتە ڕۆژئاواییەکە. ئەو هاوردە لە بینا سازی بیانیش لە ململانێ و ڕکابەریدایە لەگەڵ هونەری بینا سازی ئیســلامی تراديشــنەڵدا، ئەویش لەو ڕووبەرە زەویانەدا کە موســڵمانانی تێدا دەژین. شــەپۆلی ئەم ململانێیەش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە بەردەوامە تاکو ئێستا. لە ئەنجامی ئەمە شدا، ناڕێکی و ناسازگاریەکی دیار دروستبووە لە زۆرێك لە شارە کوردی و ئیسلامیەکاندا بەجۆرێك ئەو ناسازی و بێسەروبەرییە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە و کاریگەری هەبووە لەســەر فکر و ڕوحی موســڵمانان. واتە ناســازی و شــڵەژانێکیشــی لە بیرکردنەوە و ڕوحی موســڵمانەکاندا دروستکردووە.

کلیلە وشە

(بیر و بیناسازی، ژینگەی شارستانی، پلانی شاری نوێ، هونەری پیرۆز، هونەری نائاینی)

**Abstract**

The same conflicts and tensions observed in the domain of ideas and treated in earlier chapters can also be seen displayed in the most visible and tangible manner in the arts, architecture and city planning. But nowhere is this tension more evident than in the architecture of the urban environment that surrounds Muslim living in the modernized parts of the Islamic world. If in the intellectual field French, English and German philosophies have been contending with traditional Islamic thought, in the field of architecture one observes modern Italian, French, English and German styles in one region, American ones in another. Since Kifri has been a part of Islamic history throughout various stages, it has been exposed to Western influences as well. These foreign imports vie with traditional Islamic architecture for nearly every foot of available space in different Muslim urban centers in a struggle that from the twentieth century until now. The result has been the creation of the tangible disorder and chaos in the urban setting of many cities in the Islamic World, a chaos that reflects straightly the confusions and tensions created in the soul and mind of so many Muslims.

**پێشەکی**

ژینگەی شارستانی ئیسلامی هاوچەرخ لە جیهاندا بەگشتی و لەکوردستاندا بەتایبەتی دووچاری قەیرانێك بووەتەوە کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر مۆدێلە بیناسازیەکەی کە ئەویش بریتیە لە ناشرینی و ناڕێکی. هەروەها ژینگەی بەشێکی زۆری شارە ئیسلامیەکانی سەردەمی نوێ بە شارە کوردیەکانیشەوە پێچەوانە و ناڕێک دێنەوە لەگەڵ ئەو جوانی و ژینگە سازگارەی کە لە شارە ئیسلامیە تراديشنەڵەکاندا هەبووە. ئەمەش وایکردووە بینا سازی ئیسلامی مۆرکی ڕە سەنایەتی خۆی لەدە ست بدات، هاوکات بینا سازی کوردی و پلانی شارە کوردیەکانیش بەجۆرێك دوور بکەونەوە لە بیناسازی ڕەسەنی خۆیان، ئەویش بەهۆی ئەو تێکەڵاوییە ناسازەی کە ئەنجام دراوە لە شارەکانیاندا و بەجۆرێك لە باشترین حاڵیدا تەقلیدی مۆدێلە بیانیەکانیان کردووەتەوە و شێوازی بیناسازی هاوچەرخیان بەکارهێناوە. ئەو قەیرانەش کە ڕووبەڕووی بیناسازی ئیسلامی و شارە هاوچەرخەکان بووەتەوە بەتایبەتی لە کوردستاندا دەبێت بە جدی دەست نیشان بکرێت و چارەسەریشی بۆ بدۆزرێتەوە. گۆڕانکاریەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا لە بواری بینا سازیدا سەرەتا لە ئەندێشەی مرۆڤەکاندا ڕوو دەدەن، پا شان لە سەر ڕووبەرێکی زەوی دیاریکراو ئەو گۆڕانکاریانە جێبەجێ دەکرێن. گەرهاتوو ئەو گۆڕانکاریانە بە ئاڕاستەیەکی دروستدا نەبران ئەوا دواجار بیناسازی و پلانسازی شارەکان لە لانکەی شارستانیەت گلۆر دەبنەوە بۆ دەرەوەی شارستانیەت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باس لە بنەماکان و بەهاکانی بیناسازی ئیسلامی و پلانی شاری ئیسلامی تراديشنەڵ ناکەین بەجۆرێک لەدەستدانی ئەو بەها و بنەمایانە بوو وایکرد ئەو قەیرانانە لە بیناسازی ئیسلامیدا ڕووبدات. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئەکۆڵێتەوە لەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەندێشە و ڕووحی موسڵمانانی هاوچەرخدا ڕوویانداوە و لە ئەنجامی ئەو بێسەروبەریەش کە لە بیناسازیدا دەبینرێت دەتوانرێت ناخی موسڵمانان چ لە کوردستان یانیش لە جیهانی ئیسلامیدا بەجۆرێک لە جۆرەکان بخوێنرێتەوە. ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ لەدەرەوە بۆخۆی دروستی دەکات ڕەنگدانەوەی ناخی

خۆیەتی. واتە گەر مرۆڤ خاوەنی دەرون و ڕوحێکی ســـازگار بێت ئەوا ڕۆڵی دەبێت لە دروســـتکردنی ژینگەیەکی سازگاردا.

**ئەو گۆڕانکاریانە کامانەن کە زاڵبوون بەسـەر موسـڵمانی هاوچەرخدا؟ کێ لە جیهانی ئیسـلامیدا بەرپرسـە لەو زاڵبوونەی کە بەسەر بیناسازی و پلانسازی شاری ئیسلامیدا هاتووە؟**

ئەو پرسـیارانەی کە لە سـەرەوە ئاڕاسـتەکراون مەرج نیە ئاڕاسـتەی هەموو موسـڵمانێکی هاوچەرخ بکرێن، بەڵکو زیاتر ڕووبەڕووی ئەو کەمینانە دەبنەوە کە مۆرکی ڕۆژئاوا یان "ڕۆژئاوایی بوون" زاڵبووە بەســـەریاندا بەجۆرێک لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە مۆدێلی ڕۆژئاوای نوێ خۆی ســەپاندووە بەســەریاندا، لە ڕاســتیدا ئەو کەمینەیەش وێنای نوخبەیەکی پێچەوانە یان ناباش دەکەن هەروەک پەندە لاتینەیەکە دەڵێت "corruptio optimi pessima" واتە خراپترین گەندەڵی، خراپبوونی باشـــەکانە یان هەروەک بەندە عەرەبیەکە دەڵێت ماســـی لەســەرەکەیەوە بۆگەن دەکات. (Nasr, 1966, p. 1) ئەو گۆڕانکاریانەش کە کاریگەریان لەســەر کەمینەی موســڵمانان داناوە، ئەوانیش واتە "کەمینەکە" کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر هەریەک لە بیناسازی و پلانی شاری ئیسلامی. بیناسازیە گۆڕاوەکەش "بیانیەکە" بەدەرنەبووە لە دانانی کاریگەری لەســـەر هەریەک لە لایەنەکانی (هونەری و هەســـت و ڕۆشـــنبیری) ژیانی زۆرینەی موسـڵمانان. ئەو بیناسـازی و پلانی شـارەی کە لەلایەن کەمینەکەوە دروسـتکراوە بەهەمان شـێوە کاریگەری داناوە لەســـەر "بیر و خەیال و هەســـتیاری" کۆمەڵگەی ئیســـلامی، واتە کاریگەری نەرێنی لەســـەر لایەنی کرداری و کۆمەڵایەتی دانەناوە (Schuon, 2011, P. 13).

بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەم گۆڕانکـاریـانە تێبگەین پێویســـتە لە تەنیشـــت هەردوو هۆکـاری ئـابوری و ڕێژەی دانیشـــتوانەوە، پێداچوونەوە بۆ دوو هۆکاری دیکە بکەین کە کاریگەریان هەبووە لەســـەر موســـڵمانان بۆ هەوڵدان بۆ ڕۆژئاوایی بوون ئەوانیش:

یەکەم: بریتیە لە بڵاوبوونەوەی عەلمـانیەت "ســـیکیۆلاریزەیشـــن" یـاخود وورتر بڵێین داڕنینی پیرۆزیەکـان لە هەریەک لە کایەکانی (هونەر، ژیان، هزر) لەلای موسڵمانان.

دووەم: کە پەیوەندی بە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە هەیە بریتیە لە بەرتەسکردنەوەی "ئاین" بەجۆرێک کە تەنها بنەماکانی کاری ڕۆژانەی مرۆڤ لە خۆبگرێت وەک ئەوەی کە شـــەریعەت داوای دەکات، نەک ئەوەی ئاین پشـــت ئەســـتوور بێت بە بنەماکانی دانایی "حیکمەت" و پێوەرە ترادیشـــنەڵەکانی دروســـتکردنی شـــتومەک، کەلە ڕاســـتیدا ئەمەشە بنەماکانی هونەر و بیناسازی ئیسلامی لەسەر دادەمەزرێت.

لەو خاڵەدا کە پەیوەندیدارە بە ســیکیولاریزەیشــن و داڕمانی پیرۆزی لە شــتەکان، کاریگەری "ڕۆژئاوایی بوون" بریتی بووە لە کەمکردنەوەی تێگەیشـتنێکی ئیسـلامیانە بۆ زانسـت بەجۆرێک کە زانسـتی بیرکاریش بەدەرنەبووە لە پیرۆزی لای موســڵمانەکان. بیناســازی ترادیشــنەڵ کە بە "میعمار" ناودەبرێت واتە ئەو کەســەی بینا دروســت دەکات یاخود ئەندازیار (ئەو کە سەی کە ئەندازەگیرە بەگوێرەی زانستی ئەندازەی ترادیشنەڵ) گۆڕاوە بۆ ئەندازیاری مۆدێرن

واتە (ئەو کەســەی کە نوســینگەیەکی خەیاڵی داناوە و پڕە لە دواین ئامێرە ئەلکترۆنیەکان و بەتەنها مامەڵە لەگەڵ زانســتێکی ئەندازەیی یان بیرکاری دەکات کە داڕماوە لە پیرۆزیەکان و هەروەها جیاشــکراوەتەوە لە دانایی و پیشــەگەری ئەویش بەجۆرێک ئەندازیاری مۆدێرن هیچ زانیاریەکی نیە لەســەر زانســتە ئیســلامیە ترادیشــنەڵەکان و گەردوونیەکان). لەلایەکی دیکەوە ئەم گۆڕانکاریانە بوونەتە هۆی لەدەســتدانی "شــکۆمەندی و ســادەیی" کە دوو سیفەتی باوبوون لەناو ئەندازیارە موسڵمانە ترادیشنەڵەکاندا، بەپێچەوانەوە شتی دیکە جێگەی ئەمانەی گرتووەتەوە لەوانە "لەخۆبایی بوون و دنیایی بوون" کە پەیوەندیدارە بە ئەندازیار و بازرگانە هاوچەرخەکانەوە( Ardalan & Bakhtiar, 1975, P. 17).

گۆڕانکاریەکانی سـەردەمی نوێ بەرپرسـن لە دروسـتکردنی بینا هاوچەرخەکان و چۆنیەتی داڕشـتنی شـاری نوێ، هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا ڕەچاوی ڕێســا ئەخلاقیەکانیان نەکردووە، بە واتایەکی دیکە لەســەردەمی نوێدا ڕێســا ئەخلاقیەکـان لەکـاری پرۆفێشــنـاڵیتی جیـاکراونەتەوە. هەموو ئەو گۆڕانکـاریـانەش لەنـاو زۆرێـک لە ئەنـدازیـارە موســڵمانەکاندا کە ڕوویانداوە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەدا بووە کە لە دنیای نوێدا بەشــێوەیەکی گشــتی بەســەر ئەندازیاراندا هاتووە ، بێگومان ئەمانیش کارتێکراوبوون بە هۆکاری ئابووری بەجۆرێك هۆکارە ئابووریەکانیش بناغەکەیان وەســتاوە لەســەر "ماتریاڵیزم" ئەم فکرەیەش واتە ماتریاڵیزم هیچ ســەروکارێکی لەگەڵ بابەتە ڕووحی و عیرفانیەکاندا نیە، بەتایبەتیش لەبواری هونەر و بیناســازیدا، دەرئەنجام هونەر و بیناســازی ئیســلامی تووشــی ئەو قەیرانە بوون کە تاکو ئێستاش پێوەی دەناڵێن و چارەسەر نەکراون (Burckhardt, 1993, P. 106). خستنەڕووی ئەم زانیاریانەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە نکوڵی لە هەریەک لە هۆکارەکانی " ئابووری، زۆربوونی ژمارەی دانیشــتوان" بکەین کەهەریەکەیان بەجۆرێک کاریگەری خۆیان هەبووە لەســەر هونەری بیناســازی ئیسـلامی بەتایبەتیش لە ناوچە هەژارنشــینەکاندا کە بەگوێرەی پێویســت لایەنی ئابووریيان یارمەتیدەر نەبووە تاکو بتوانن بینایەکی ئیســلامی ترادیشنەڵ پێکەوە بنێن و ژیانی ڕۆژانەیانی تێدا بەسەر بەرن بەجۆرێک لەهەندێک شوێندا مرۆڤ لە کەپرەکاندا ژیان بەســەر دەبات و ناویان لێنراوە بینای هەژارەکان. ئەو مۆدێلەش لە بینا لە کتێبەکەی حەســەن فەتحی بەناوی (بینا بۆ هەژارەکان) زیاتر ڕوونکراوەتەوە (Fathy, 2010, P. 43) .

لێرەدا پێویســتە ئاماژە بەوە بکەین ئەو مۆدێلە لە "ڕۆشــنبیری و گۆڕانکاری زیهنی" لەناو مێشــکی موســڵمانانی هاوچەرخدا ڕۆچووە، ناوەڕۆکی پیرۆزداریش بۆ هەریەک لە چەمکەکانی (فضــاء، ڕووناکی، شــێوە، ماددەکان، کێش) گۆڕا بۆماناکانی پۆســت دیکارتی ڕۆژئاوا، بەڵام کێشــەکە لەوەدابوو موســڵمانان بەهەمان ناوەوە و وەک ڕاســتیەکی ئیسلامیش مامەڵەیان لەگەڵ ئەوچەمکانەدا کردووە، لەکاتێکدا لە سەردەمی نوێدا موسڵمانان لە ئاستێکی سنورداری مادیدا ئەزموونی ئەمانە دەکەن و دیوی ڕوحی ئەو چەمکانەیان فەرامۆشــکردووە (الباشــا،١٩٦٦،ل ٨٧). بۆنمونە لە بیناسازی ئیسلامیدا، "فضاء" چیتر هێما و سیمبوڵ نیە بۆ زاتی حەق، هەروەها ڕووناکی هێما نیە بۆ نووری خودایی. شــێوازی بیناســازیش کەلە فرەییەوە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ یەکیەتی و هاوئاهەنگیدا لەبیرکراوە. هەروەها شــێوە "فۆرم"ە جیاوازەکان بەهای هێماکانیان لەدەســتداوە و چیتر ڕەمز نین بۆ شــتێک. ماددە پوخت و خاوەکانیش

هاوشـــێوەی ئەوانی دیکە مرێنراون و مادده نەبزۆکەکانی فیزیای "نیوتن"یش دوورکەوتوونەتەوە لە چەمک و مانای "مادده" لە کۆزمۆلۆجی ئیسلامی ترادیشنەڵدا(Nasr, 1978, P. 160) .

ئەو گۆڕانکاریانەش بەتەنها ئەوکەســـانەی نەگرتووەتەوە کە خاوەنی نازناوێکی تایبەتن و بە "ئەندازیار"ی موســڵمانی هاوچەرخ ناســراون، بەڵکو زۆربەی ئەو حکومەت و کرِیار و دەســەڵاتدار و بازرگانانەشــی گرتووەتەوە کە پارەیەکی زۆر تەرخاندەکەن لە بیناســـازی مۆدێرندا لە جیهانی ئیســـلامیدا. واتە لەم نێوەندەدا هەم ئەندازیارەکان کەمتەرخەمبوون بەرانبەر بیناســازی ئیســلامی ترادیشــنەڵ هەمیش حکومەت و بازگانەکان. لە هەندێک ناوچەشــدا گۆڕانکاریەکان زۆر بەخێرایی و لەناکاو ڕوویانداوە و ئەو کەسانەشی کە هەستاون بە ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانە لە ژینگەی بیناســازی مۆدێرندا ئاگایی ئەوەیان نەبووە کە هێشــتا زۆرێک لەو کەســانەی کە بیناکانیان بۆ دروســتدەکرێت تێڕوانینێکی جیاوازیان هەیە بۆ هەر یەک لە چەمکەکانی (فضـــاء، فۆرم، ڕووناکی، مادده) ( Burckhardt, 1993, P. 110) چونکە ئەو کەســـانەی لەژێر کاریگەری مۆدێرنەدا ئەو کارانە ئەنجامدەدەن زانیاریەکانیشـــیان ســـەبارەت بە بیناسازی لەو سەرچاوە مۆدێرن و زانکۆ مۆدێرنانەوە وەرگرتووە کە کەوتوونەتە جیهانی ئیسلامیەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەگەرچی مەعریفەی ترادیشــنەڵی ئیســـلامی لە بواری بیناســازیدا هێشــتا لە هەندێک ســەندیکای پیشەیی و سنگی تاکەکاندا ماوە، بەڵام جێی داخە لە جیهانی ئیسلامیدا تاکو ئێستا هیچ بەشێکی تایبەت لەزانکۆکاندا تایبەت نەکراوە بەو بوارە بەجۆرێک کە بنەکانی "بیناسازی ئیسلامی ترادیشنەڵ"ی بەجدی تێدا بخوێنرێت.

پرۆسەی داڕمانی پیرۆزیەکان لە هەموو کایەکاندا بە کایەی هونەریشەوە زیاتر لە خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤەکاندا کاری لەســـەرکراوە (بورکهارت،٢٠١٦،لا ٢١١). ئەندێشــە و خەیاڵی موســڵمانە تردادیشــنەڵەکانیش بەزۆری ئاوێزان بووە لەگەڵ ئەو فۆرم و سیمبۆڵانەی کە لە قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەر و کلتوری ئیسلامیەوە وەرگیرابوون. هەروەها ڕووحیشـیان بەشـێوەیەکی بنچینەیی پێکهاتبوو لە لێکچوویەکی مانادار کە بناغە و دەسـتووری لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگرتبوو بەجۆرێک کە دیوی ناوەوەیان لەگەڵ هەڵســـوکەوتەکانیاندا پێچەوانە نەدەهاتەوە، واتە دیوی ناوەوە و دەرەوەیان هاوئاواز بوون. لە زانســـتی گەردووناســـی ئیســـلامیدا، جیهانی ئەندێشــە (خەیاڵ) لە هەرەمی گەردوونی بووندا شوێنێکی ناوەندی داگیردەکات ئەویش لە نێوان جیهانی مادده و ڕووحدایە (Nasr, 1978, P. 163).

لە هونەری ئیســـلامیـدا، فۆرمەکـان و دەنگەکـان و ڕەنگەکـان ئـامـانجێکی ڕاســـتەقینەیـان هەیە، ئەو ئـامـانجە گەردوونیەش خزمەت بە مرۆڤ دەکات ئەویش بەوەی کە وەزیفە دەبەخشـــێت بە خەیاڵ، ئەمەش ڕێك پێچەوانەی ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەردەمی نوێدا لەو چەمکە تێگەشتووە. ئەتوانین بڵێین ئەوەشی کە دەبێت "خەیاڵ وەزیفەیەکی هەبێت" هەمان ئەو خەیاڵەیە کە ئیبن عەرەبی لە هەندێك لە نوسینەکانیدا باسی لێوەکردووە بەتایبەتیش لە (جیهانی خەیاڵی(Chittick, 1994, P. 56) ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بەکارهێنانی چەمکی خەیاڵ جیابکرێتەوە لەو "خەیاڵ"ەی کە لە ســـەردەمی مۆدێرندا بەکاردێت. خەیاڵی هونەرمەندە موســڵمانە ترادیشــنەڵەکان گۆشــکرا و پارێزراوبوو بە کەرتی گەردوونیەوە بەتـایبەتیش وەرگیراو بوو لە ســـروش (وەحی)یەوە کە قورئـانە. موســـڵمـانی ســـەردەمی مۆدێرن بەپێچەوانەی موسڵمانی ترادیشنەڵەوە، بێبەشە لەو بەرهەمە ئاسمانیە، ئەگەرچی ئەمە ناتوانرێت بگشتێنرێت چونکە

لە هەندێك ناوچەی موســڵمانانی ســەردەمی هاوچەرخدا لە ئاســتێكی دیاریكراودا لەلایەن هەندێك لە ئەندازیارە موسڵمانەكانەوە كار لەسەر هونەری بیناسازی ئیسلامی كراوە(Mohammadi & Keramatifard, 2021, P. 623).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت كە هەستیاری و خەیاڵی موسڵمانان لەلایەن ڕۆژئاواوە كاریتێكراوە بەجۆرێک گۆڕانكاری بەســەر چەمكی "خەیاڵ و هەستیاری" لای موسـڵمانی نوێدا هاتووە. لەڕاستیدا ئەو موسـڵمانانەشـی كە هێشتا لەناو جیهانی ئیسـلامی ترادیشـنەڵدا ژیان بەسـەر دەبەن بەدەرنەبوون لەو كاریگەری و گۆڕانكاریانەی بەسـەر موســڵمانی مۆدێرندا هاتووە، بەتایبەتیش ئەو كاتەی كە جیهانی ترادیشـــنەڵی ئەوان بەراورد دەكەین لەگەڵ فۆرمی هونەری ڕاســتەقینەی ئیســـلامیدا. لە هونەری ئیســـلامیدا، "جوانی" دادەنرێت بە ڕەنگدانەوەی "جوانی خوادایی" هەروەک ئەوەی لە یەكێک لە فەرمووده بەناوبانگەكانی پەیامبەردا هاتووە "ان للّه جمیل یحب الجمال- خودا جوانە و جوانیش خۆشدەوێت" (قەفاش،٢٠٢٠،لا ٤١) سەرەڕای ئەوەی "جوانی" ڕەهەندێكی بنەڕەتیە لە "ڕاستیەتی" هەروەها پێكهاتەیەكی گرنگ و سـەرەكیشـە لە دروسـتكردنی هونەرە جۆراوجۆرەكاندا. ئیسـلام هەرگیز جوانی لە "سـوود" و هەروەها هونەریش لە دروسـتكردنی شـتە بەسـوودەكان جیانەكردووەتەوە. ئەو گۆڕانكاریەشـی بەهۆی مۆدێرنەوە بەســەر هەســت و خەیاڵی موســڵماناندا هاتووە هۆكار بووە بۆ ئەوەی زۆرێک لە موســڵمانان مانا قوڵەكانی (جوانی، شكۆمەندی، سازگاری، دەسەڵاتداریەتی) لەدەست بدەن و لێی تێنەگەن كە ئەمەش تایبەتمەندی سەرەكین لە هونەری ئیســلامیدا و بەشــێوازی دیكە خۆیان نمایش دەكەن لە عیرفانی ئیســلامیدا. لەســەردەمی نوێدا زۆر گرانە بتوانیت موسڵمانان هاوشێوەی ئەو كەسانە ببینیت كە مزگەوتی (سوڵتان حەسەن)یان دروستكرد لە قاهیرە یان ئەو كەسانەی كە (مەیدانی نەخشـی جیهان)یان دروسـتكرد لە ئەسـفەهان یانیش ئەوانەی كە پلانی شـاری كفریان داڕشـت و بینای دانسقەیان لەو شارەدا هێنایە بەرهەم (El-Wakil, 1984, p 26).

ئیسلامی ترادیشنەڵ، ئەم جیهانە وەک شتێكی كاتی و فانی دەبینێت و هەروەها لە نەرێیەتی و فانی ئەم جیهانەش بەئاگایە، ســەرچاوەی ئەمەشــی لە شــەهادەتەوە وەرگرتووە "لا اله الا اللّه" بەجۆرێک كە هەمووشــتێک لە بەرانبەر شــكۆمەندی زاتی حەقدا نەبوو فـانیە. لەبەرئەوە بینـاســـازی ئیســـلامی هەوڵـدەدات كە خۆی بەدووربگرێـت لە درو شانەوەیەكی كاتی و دنیایی چ لە بینا گشتیەكاندا بێت یان لە بینا سەكەنیەكاندا بێت؛ هەروەها مەبە ستیشیەتی پارێزگاری لەم ڕەمزەی خۆی بكات دەربارەی ئەم جیهانە كە ڕۆژێک كۆتایی دێت، وە ئەوەش ڕوونبكاتەوە ئەوەی كە دەمێنێتەوە ڕوحی مرۆڤەكانە بۆیە بیناسـازی و شـتەكانی دیكەی ئەم جیهانە دەبێت هەموویان لەخزمەت ڕووحدا بن (Nasr, 1987, p 195). لە ڕابردوودا موسـڵمانان لەناو شـارەكانیاندا بە ئاگایی و هۆشـیاریەكی زۆرەوە ڕوانیوویانە لە خانووەكانیان ئەویش بەو مانایەی كە ڕۆژێک ئەوانیش هاوشــێوەی خانووەكانیان لەناودەچن. لە شـــارســـتانیەتی ئیسلامیدا زۆر ڕێز لە ژینگە گیراوە چونكە پێیان وابووە ئەو ژینگەیە دروستكراوێكی خودایە بۆ ئەوان، بۆیە ئەوانیش بەئەركی خۆیانیان زانیوە ڕێز لە دروستكراوەكانی خودا بگرن. هەروەها موسڵمانان بەجۆرێک پلانی شاریان داڕشتووە كە سـازگاربێت لەگەڵ ئەو ژینگە سـروشـتیەیی كە شـارەكەیان تێدا دروسـتكردووە نەک ئەوەی پلانی شـار ببێتە هۆی كاولكردن و لەناوبردنی ژینگەی سروشتی (Chittick, 1994, P. 74).

لە بیناسازی ئیسلامیدا، بیناکان بەشێوەیەکی سادە دروستکراون و ماددەی ساددەش بەکارهاتووە لە دروستکردنیاندا، بەڵام هەمیشە هەوڵدراوە ڕەگەزە بەهێزەکانی سروشت لەوانە (ڕووناکی، با) وەک سەرچاوەی ووزە بەکاربهێنرێت. ئەمەش ڕێگەیەک بووە بۆ ئەوەی سروشت بچێتە ناو شارە ئیسلامیەکانەوە ئەویش بەشێوەیەکی ئاشتی و ئارامی و سازگاری کە زیاتر لە حەوشەی مزگەوتەکان و خانووەکاندا خۆی نمایش دەکرد. بەڵام لە سەردەمی نوێدا، موسڵمانان بەهۆی شەپۆلی سکیۆلاریزەیشنەوە بوونەتە خاوەنی ڕووحێکی ئاڵۆز و تاریک بەجۆریک بیریان چووەتەوە کە ئەم جیهانە ڕۆژێک کۆتایی دێت (نەسر،٢٠١٧،لا ١٧٤). موسڵمانان هاوشێوەی ڕۆژئاوایەکانی سەردەمی مۆدێرن، دە یانەو ێت بەجۆر ێک خانووە کانیان دروستبکەن کە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەبێت کە ژیانی مرۆڤ بێکۆتایە، هەروەها پلانی شارەکانیشیان بەجۆرێک دادەڕێژن بەرەنگاری سروشت بێتەوە. نمونەی ئەو جۆرە لە بینا و شارەکانیش بە ئاسانی دەردەکەوێت لە زۆرێک لەناوچە موسڵمان نشینەکانی سەردەمی هاوچەرخدا لەوانە ئەو تەلارە بەرزانەی لە بیابانی عەرەبیدا دروستکراون یان ئەوانەی کەلە وڵاتی ئێراندا دروستکراون. مرۆڤی مۆدێردن لەناویشیاندا ئەو موسڵمانانەی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سکیۆلاریزەیشنەوە دەیانەوێت ژینگەیەک دروستبکەن کە "خودا" تیایدا لەبیرکراوبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو سروشتەی کە لەلایەن "خودا"وە دروستکراوە کە پێویستە مرۆڤ لەو ڕێگەیەوە خودای هەمیشە لەبیردا بێت لەباربراوە بەهۆی سکیۆلاریزەیشن و داماڵینی پیرۆزی لە شتەکان (نەسر،٢٠١٧،لا ٣٤٣).

سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کە هێنران بەسەر هەریەک لە ئاستەکانی (ژیری، خەیاڵ، هەستیاری) موسڵمانی مۆدێرندا، هەروەها جۆرێک لەدەستدانی یەکگرتن و یەکیەتی (الوحدانیە) لە ژیانی موسڵماناندا هاتووەتە ئاراوە کە ئەویش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر بیناسازی و پلانی شار. وەک ئەوەی لە بابەتی پێشتردا ئاماژەی پێکرا، ئیسلام ئاینێکە لەسەر (الوحدانیە) وەستاوە، مەبەستیش لەمە ئاڕاستەکردنی ژیانی مرۆڤەکانە بەرەو یەکگرتن (Integration) هەروەها هەوڵیش دەدات هەموو فرەیی و (Multiplicity) جیاوازیەکان ببات بەرەو یەکیەتی الوحدانیە (Unity). هەموو دەرخستەیەکی ڕاستەقینەی عیرفانی ئیسلامیش ڕەنگدانەوەی باوەڕی الوحدانیەتە. ئەو باوەڕەش (Unity) بنەمای سەرەکیە لە هەموو کایەکانی هونەری ئیسلامی و زانست و هەروەها شەریعەتیش کە پەیوەندی بە بکە و مەکەکانی هەڵسوکەتی ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانانەوە هەیە (Nasr, 2010, p 207).

شاری ئیسلامی ترادیشنەڵ ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو یەکیەتیە (الوحدایە) بووە کە لە ئاینەکەیدا داواکراوە. لەو کاتەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا جیاوازی ناکرێت لەنێوان هونەری (پیرۆز و ناپیرۆزدا) بەکەمێک گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەردەکەوێت کە ئەو یەکیەتیە لە شارە ئیسلامیە کۆنەکاندا چۆن باڵی بەسەر ئەو شارانەدا کێشاوە بەجۆرە جیاوازەکانی بیناکانیەوە لەوانە بینای (خانووەکان، بازاڕەکان، مزگەوتەکان، کۆشکەکان.....هتد). هەر ئەو یەکیەتیەش (Unity) بوو وایکرد موسڵمانەکان لە ناو مزگەوت و خانووەکانیاندا گرنگی بە دروستکردنی شوێنێکی بەتاڵ (الفضاء الخالیە) بدەن؛ ئەویش دوو دیووی هەبووە دیوێکی هونەری و یەکێکیش بۆ جێبەجێکردنی پەرستشەکانیان. هەموو

ئەو شتانەشی کە شەریعەت لەخۆی دەگرێت و داوایدەکات (عیبادات و معاملات) بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕێکخستن یەکگرتوویی لەنێویاندا دروستکردووە (Nasr, 2010, p 210).

لەناو جەرگەی شاری ئیسلامیدا ئەو شوێنەی کە بۆ پەرستش تەرخانکرابوو هەمیشە لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ ئەوە شوێنانەی کە بۆ (پەروەردە و بازرگانی و پیشەسازی)و تەنانەت خانووی نیشتەجێبوون و شوێنی ئەنجامدانی چالاکیە کلتووریەکان تەرخانکرابوون. ئەو پەیوەندیەش هێشتا لەم سەردەمەدا لەناو جەرگەی هەندێک لە شارە ئیسلامیە کۆنەکاندا بەدیدەکرێت ئەمە سەرەڕای ئەو وێرانکاریەی کەبەسەر کات و شوێندا هاتووە و هەروەها بەسەر پشتگوێ خستنی وەزیفەی یەکیەتی شوێن و یەکگرتوویی لەناو مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و بازاڕەکان و خانووەکاندا.....هتد هاتووە (Burckhardt,2009, P. 125). لێرەوە دەگەینە ئەو خاڵەی کە سکیۆلاریزەیشن ئەو تێڕوانینەی بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی کاروچالاکیەکانی مرۆڤ تێکشکاند و لەناوی برد. هەر لە دەستدانی ئەو (الوحدانیە)تەش بوو وایکرد زۆربەی شارە مۆدێرنە ئیسلامیەکان بێسەروبەر دەربکەون. ئەو ڕاستیەش وایکرد هەندێک لە موسڵمانان هەوڵی ئەوە بدەن کە ژیان و بیناسازیەکی ترادیشنەڵ بۆ خۆیان دروستبکەن و دوور بکەونەوە لەو شارانەی کە مەرجی یەکیەتی و یەکگرتوویییان تێدا نیە.

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکە کە پەیوەندی بە جیهانی مۆدێرنەوە هەیە بریتیە لە بەرتەسکردنەوەی تێگەیشتن لە دین ئەویش بەتەنها لەو دەلاقەیەوە کە ئاین پەیوەندی بە هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە. ئەم تێگەیشتنە نوێیەش لە دین زنجیرەیەک هۆکاری ئاڵۆز لەخۆدەگریت؛ هەندێکیان پەیوەندی بەو هێزانەوە هەیە کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدان، هەندێکیشان پەیوەندی بە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییەوە هەیە. ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکاندا چەندین جۆری جیاوازی بزوتنەوە و کۆمەڵەو و حیزبی جۆراوجۆر هەن و هەریەکەیان بە ناوێکەوە دەناسرێنەوە لەوانە (سەلەفی، وەهابی، برایانی موسڵمان، کۆمەڵەی ئیسلامی...هتد) هەندێک لەوانە هونەر بە ناڕەواو ڕێگەپێنەدراو دادەنێن ئەوانەشیان کە هونەر بەشتێکی ڕێگەپێدروا دەزانن دید و تێڕوانیی جیاوازیان هەیە لەسەری و کەمتر بۆچوونەکانیان یەکدەگرنەوە لەگەڵ هونەری ئیسلامی ترادیشنەڵ (Nasr, 2010, p 212)، واتە نەیانتوانیوە بەتەواوەتی کار لەسەر هونەرە جۆراو جۆرەکانی ئیسلامی بکەن وەک هونەری (بیناسازی، مۆسیقا، نوسین، نەخش ونیگار.....هتد). ئەوەی کە بۆ ئەوان گرنگە چاکسازیکردنە بەتەنها لەو لایەنەی شەریعەتەوە کە پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانانەوە هەیە نەک کارکردن لەسەر هونەری ئیسلامی. هەموو ئەو تووندو تیژیانەشی گرووپە ئیسلامیە جیاوازەکان بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامی دەدەن پێچەوانە دێنەوە لەگەڵ هونەری ئیسلامی ڕاستەقینەدا.

بەشێکی زۆر لەو توێژەرانەی کە لە هونەری موقەدەسیان کۆڵیوەتەوە پێیان وایە کاتێک ئەو مۆدێلە لە ئایندای لەگەڵ مۆدێرنەدا یەکدەگرێتەوە، ژینگەیەک دروستدەکەن کە تاکە هەم و غەمیان بریتی دەبێت لە کارکردن لەسەر دیووە یاسایەکەی دین نەک دیووە هونەریەکەی. لەباشترین حاڵەتیشدا "خودا" وەبیر مرۆڤەکان دەخرێتەوە وەک ڕاستیەک، بەڵام "خودا" وەک ئەوەی کە ئامادەگی "هەیە و دەبێت" لەبیر موسڵمانان براوەتەوە. لەبەرئەوە "جوانی"

بووەتە شتێکی ڕێکەوت و گەر لە کایەکانی ژیانیشدا ئامادەیی نەبێت ئاساییە، هەروەها بنەماکانی بیناسازی ئیسلامی و پلانی شــار بەشــێوەیەکی گشــتی بێ بایەخ بوون (مصــطفی،٢٠١٨،لا ١٠٧). کێشــەکە لێرەدا ئەوەیە لە شــارە پێشکەوتووەکانی جیهانی ئیسلامیدا مزگەوتێک یاخود چەند مزگەوتێکیان تێدا دروستکراوە بەڵام هیچ حسابێک بۆ ئەو بنەمایانەی بیناســازی کە پێویســتە مزگەوتی پێ دروســتبکرێت نەکراوە. هەروەها شــارە نوێیە ئیســلامیەکان هەوڵدەدەن لەســەر مۆدێلی ڕۆژئاوایی نوێ دروســتبکرێن بەجۆرێک کە تاک بۆ خۆی بژیت و ئاگاداری ئەوانی دیکە نەبێت. لەو جۆرە شوێنانەشدا ئەو پرسیارەی کە هەرگیز ناکرێت و خۆیانی لێ بەدوور دەگرن بریتیە لە پێکەوە بوونی مرۆڤەکان لە ژیاندا، گرنگی "جوانی" لە ڕووی ڕوحیەوە، یەکگرتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی(Omer, 2008, P. 497).

ســەرەڕای کاراکتەرە ئاینیەکانی ئەم جۆرە بزوتنەوە ڕیفۆرم خوازانە و کاردانەوەیان لەســەر زۆرێک لە کایەکانی ڕۆژئاوا لە مەجالی "فکر و شـەریعەت"دا، ئەو گۆڕانکاریانەشـی بەسـەر فکر و ڕووحی موسـڵمانی سـەردەمی مۆدێرندا هاتووە زەمینەسازیکردووە بۆ ئەوەی سکیۆلاریزەیشن ئاسانتر ئیشی خۆی بکات لە جیهانی ئیسلامیدا، بەتایبەتیش لە بواری هونەر و بیناسـازی و پلانسـازی شـاردا. ئەم هۆکارانەش وایکردووە موسـڵمانان بێ ئاگابن لە لایەنە جیاوازەکانی ئیســلامی ترادیشــنەڵ کە هەریەک لە هونەر و بیناســازیش لەخۆدەگرێت. ئەوە داناییە (الحیکمە) کە هەمیشــە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئیســلامی ناوەڕۆکدار و گەردوو ناســیە کە هەر لەو ڕێک دێت، هەروەها بنەماکانی هونەری ئیســلامیشــن کە بەشــێکن لە دانایی. ئەو لایەنگریە ســکیۆلاریەشــە وایکردووە کە زۆرێک لە موســڵمانان بەتەواوی جیاوازبن لەگەڵ ئاینەکەیاندا بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی هەبووە لەســەر تێگەیشــتنیان لە شــەریعەت و چۆنیەتی فێربوونیشیان لە بنەڕەتی ئاینەکەیان (Schuon, 2011, P. 33,34).

ڕیفۆرمخوازەکان هەوڵدەدەن بەرەنگاری ئەو کاریگەریانە ببنەوە بۆ دووبارە ژیانەوەی ئاینەکەیان، بەڵام ئەوان ئاینەکەیان کورتکردووەتەوە بۆ تەنها دوولایەن ئەوانیش (شــەریعەت و ســیاســەت)ن. لەئەنجامی بچووکردنەوە و دوورکەوتنەوەی موسـڵمانان لە تێگەیشـتنیان بۆ دانایی (الحیکمە)، وایکردووە موسـڵمانان ڕازی بن بە سـکیۆلارکردنی هەریەک لە هونەر و سـروشـت بەجۆرێک کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەو جۆرانەی هونەر زیاتر دووربکەونەوە لە ئەسـڵەکەی خۆیان کە هونەری ئیسلامی ترادیشنەڵە (شۆن،٢٠١٩،لا ١٤٣،١٤١). موسڵمانانی سەردەمی نوێ زۆر بێ بەزیانە کەوتوونەتە گیانی بیناسـازی و شـاری ئیسـلامی بەجۆرێک ڕۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕاوە لە وێرانکردنی بیناسـازی ئیسـلامیدا تەنانەت ئەو وێرانکاریەش شــارە پیرۆزەکانی گردووەتەوە، هۆکاری ئەمەش بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە موســڵمانان لە حیکمەتی خودایی دوورکەوتوونەتەوە کە ئەو حیکمەتە بنەماکانی هونەری ئیســلامیش لەخۆدەگرێت. هۆکارێکی دیکەی ئەو وێرانکردنە بۆ بڵاوبوونەوەی فکرەی ســکیۆلاری دەگەڕێتەوە بەجۆرێک وای لە موســڵمانانی هاوچەرخکردووە کەمتر مەیلی دینداریيان هەبێت بەتایبەتیش دینداری ترادیشنەڵ (نەسر،٢٠١٧،لا ٣٣٨).

**جگە لە هۆکارە فکری و ڕۆحیەکان، ئایا هۆکاری دیکە هەن کەوای لە موسـڵمانان کردبێت کە گوێ نەدەنە هونەری بیناسازی ئیسلامی ڕەسەن و پلانسازی شاری تراسیشنەڵ؟**

لە ڕاسـتیدا لەبەرانبەر هەریەک لە هۆکارە ڕوحی و فکریەکاندا کە کاریگەرییان هەبووە لەسـەر موسـڵمانان بۆ گوێنەدانیان بە هونەری بیناسـازی ئیسـلامی و پلانسـازی شـاری تردایشـنەڵ، چەندین هۆکاری دیکە هەن وایانکردووە موسڵمانانی سـەردەمی نوێ کەمتەرخەم بن لەو بوارەدا، گرنگترینیشـیان هۆکاری (کۆمەڵایەتی، سیاسـی، ئابووری)ن. یەکێک لەو شـتانەی کە موسـڵمانان ناتوانن لەم سـەردەمەدا خۆیانی لێبدزنەوە بریتیە لە "خۆبەکەمزانینیان" (Nasr, 1966, p. 10) لەبەرانبەر ڕۆژئاوادا. واتە بۆئەوەی لای ڕۆژئاوایەکان دانپێدانراوبن پەنادەبەنە بەر ئەو پرۆژە بیناسـازیانەی کە لەلای ئەوان پەسـەندن، ئەگەرنا دروسـتکردنی بینا بەرزەکان لە شـوشـە لەناو جەرگەی شـارەکانی هەرێمی کوردسـتان و بیابانی عەرەبیدا نە لەڕووی ئابووریەوە گونجاون نە لەڕووی ژینگەشـەوە پەسـەنکراون. لەلایەکی دیکەوە هەندیک لە وڵاتە موسڵمان نشینە دەوڵەمەندەکان بوونەتە شوێنی ساغکردنەوەی پلانی هەندێک لە کۆمپانیان ڕۆژئاواییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو پارە لە بواری بیناسـازیدا سـەرف دەکەن، بەڵام لە کۆتایشـدا هیچ مۆرکێکی بیناسـازی ئیسـلامی لە بیناکانیاندا دەرناکەوێت. ئەمەش وایکردووە درزێکی گەورە دروسـت ببێت لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا هەروەها لەنێوان ناسنامە و نەتەوەشدا(شافعی،١٩٨١،لا ٦١).

ئەگەرچی هەنـدێـک جـار چەنـد ڕەگەزێکی بینـاسـازی وەک "کەوانە" لە بینـاکـانـدا بەکـاردەهێنن بەڵام ئەوەش ڕەنگدانەوەی بەشـێکی کلتوری ئەو ناوچانەیە نەک ئەوەی کە لە بیناسـازی ئیسـلامیەوە وەرگیرا بن. جێی خۆیەتی بپرسین چی بە سەر ژینگەی شارستانی هەندێک لە وڵاتە موسڵمان نشینەکاندا دێت ئەگەر ئەندازیارەکان بەو جۆرە بیناکان دروسـتبکەن کە هەرگیز سـەرچاوەکانی ووزە تووشـی قەیران نابن؟ یاخود وابیربکەنەوە کە قەیرانی ژینگە تەنها ڕۆمانێک بوو بۆ ترسـاندنی گێڵەکان. لەڕاسـتیدا هیچ جۆرە لێخۆشـبوونێک بۆ ئەو وڵاتە موسـڵمانانە نیە کە دەیانەوێت کۆپی ئەو هەڵانە بکەن کە ڕۆژئاوایەکان دەیکەن لە ژینگەی شـارسـتانیدا. لەوانەیە ئەو هەڵانەش بۆ ماوەیەکی کاتی لە جیهاندا وەک ڕاسـتیەک مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت بەڵام دواجار بۆیان دەردەکەوێت ئەوەی ئەوان وەک ڕاستی مامەڵەیان لەگەڵداکردوون وادەرنەچووە (Hillenbrand, 1994, p. 410).

**دەرئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر گەشـتووە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە کەلە هەمانکاتدا دەبێتە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بووەتە خوانی توێژینەوەکەی:-

١- ژینگەی بیناسازی و شارەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بە کوردستانیشەوە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە لە سەردەمی هاوچەرخدا بەجۆرێك درزێکی گەورە کەوتووەتە نێوان ڕابردوو و ئێستایانەوە، کە ئێستایان هیچ مۆرکێکی ناسنامەیی ڕابردوویانی هەڵنەگرتووە. واتە لەم سەردەمەدا، بیناسازی ئیسلامی ڕەسەن هیچ وارسێکی دڵسۆزی نیە تاکو ئیش لەسەر ئەوە بکات ئەو کەلێنەی نێوان ڕابردوو و ئێستا پڕبکاتەوە.

٢- مۆدێرنە و سـکیۆلاریزەیشـن کاریگەری خراپیان کردە سـەر موسـڵمانان بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە وای لێکردن پیرۆزیەکان دابڕنن لە هەریەك لە کایەکانی ژیان و هونەر و بیر و زهن. لەم حاڵەتەشـدا، هونەر و بیناسـازی ئیسـلامی بەتەواوەتی دەلکێن بە زەویەوە و توانای بەرزبوونەوەیان نابێت، واتە هونەری بیناسازی ئیسلامی بەتەنها هونەرێکی فیزیکیەو و بێبەش کراوە لە بابەتە مێتافیزیکیەکان.

٣- بەرتەسککردنەوەی ئاین بەتەنها بۆئەوەی کە پەیوەندی بە بکە و مەکەکانی ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانەوە هەبێت و ئیتر کایەکانی دیکەی ژیانی فەرامۆش کردبێت. ئەم بیرکردنەوەیەش ئەو تێڕوانینەی لای تاکی موسـڵمانی نوێ دروستکردووە کە هونەر و بیناسازی و پلانسازی شار و تەواوی ئەو کایانەی دیکە کە پەیوەندیان بە هونەرەوە هەیە خراونەتەوە دەرەوەی بازنەی ئاین و وەك شتێکی بێزراو سەیر دەکرێت.

٤- شـارسـتانیەتی ڕۆژئاوا لە سـەردەمی نوێدا کاریگەری نەرێنی کردووەتە سـەر "ئەندێشـە"ی موسـڵمانان، چونکە ئەندێشە لە شارستانیەتی ئیسلامی تراديشنەڵدا زۆر جیاوازە لەو ئەندێشەیەی کە ڕۆژئاوا لەسەردەمی نوێدا نەخشەی کێشاوە. هەرئەمەش وایکردووە موسڵمانان لە هەموو شتە جۆرا و جۆرەکانی ژیانیاندا لاسایی ڕۆژئاواییەکان بکەنەوە و خاك و زەویەکانیان بووەتە جێگەی ساغکردنەوەی پلانی کۆمپانیا ڕۆژئاوایەکان.

٥- گۆڕانکاریەکانی ژینگەی بینا سازی لە سەردەمی نوێدا جێکەوتی خراپیان بە سەر شاری کفریەوە بەجێهێشتووە چونکە زۆرێك لە تەلارەکانی وەك قەیسـەری و خانەکان بەتەواوەتی داتەپیوون و پشـتگوێ خراون. ئەو مادانەی کە لە بیناسازی نوێی شاری کفریدا بەکاردێن هیچی ئەو مادانە نین کە شارستانیەتی کفریان لە ڕابردوودا پێ لەدایك بووە.

٦- لە سەردەمی هاوچەرخدا، پلانسازی شارە ئیسلامیەکان بە شاری (کفری) شەوە بێبە شکراون لەو تایبەتمەندی و بنەمایانەی کە پێویستە هەبن لە شارێکی ئیسلامی تراديشنەلدا.

**ڕاسپاردە و پێشنیارەکان**

١- بۆچارە سەرکردنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە کەبە سەر ژینگەی بینا سازی شار ستانی ئیسلامیدا هاتووە هیچ شتێک لەوە باشـترنیە کە ڕاهێنان بە ئەندازیارەکان بکرێت، واتە هەنگاوی یەکەم دەبێت لە کردنەوەی کۆرسـی تایبەت بە "بیناسازی ئیسلامی تراديشنەڵ" بۆ ئەو ئەندازیارە ژن و پیاوانە دەستپێبکات کە پسپۆڕیەکانایان بریتیە لە "بیناسازی ئیسلامی" نەک ئەوانەی ئیش لەسەر بیناسازی ڕۆژئاوایی دەکەن بەو پاساوەی کە گوایا ئەوە مۆدێلێکی نێودەوڵەتیە و کارکردن لەسـەر ئەو مۆدێلەش ببێتە شـتێکی گرنگ. بێگومان لە ئەنجامدانی ڕاهێنان و کردنەوەی کۆرسـی تایبەت بۆ ئەندازیارەکان پێویستمان بە کۆمەڵێک سـەرچاوەی بنەڕەتی دەبێت تاکو لەو بوارەدا وەک پێویست پڕ زانیاری بکرێن. خۆشـبەختانە دەتوانین ئەو ڕاسـتیە بخەینەڕوو کە هێشـتا بیناسـازی ئیسـلامی تراديشـنەڵ لە هەندێک شـوێنی وەک لادێکان و شـارۆچکەکانی هەندێک لە وولاتانی ئیسـلامیدا زیندووە، هەروەها ژمارەیەکی باش دۆکیومێنتیش لەو بوارەدا لە هەندێک لە سەندیکاکاندا پارێزراون. لەو شوێن و ناوچانە شی کە ئەندازیارە مۆدێرنەکان و هاو شێوەکانیان دەستیان نەگەشتووەتێ، بیناسازی ئەو ناوچانە زۆر بەجوانی ماونەتەوە و وەزیفەی خۆیان لەدەست نەداوە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە مو سڵمانان هەوڵیانداوە بیناکانیان لە سەر شێوازی تراديشنەڵ درو ستبکەن و هێمادار و

ماناداربن. دەتوانرێت لەم هۆکارانە سوود وەربگیرێت بۆ دروستکردنی قوتابخانە و بەشی تایبەت لە زانکۆکاندا بۆ ئەوەی لەوێوە ئیش لەسەر ئەندازیارەکان بکرێت تاکو بتوانن لە داهاتوودا پلانی شاری ئیسلامی ڕەسەن دابڕێژن و مۆنۆمێنتە گشتیەکان و پڕۆژەی خانووە سەکەنیەکان بەگوێرەی بنەماکانی هونەری ئیسلامی دروستبکەن.

٢- بۆ ئەوەی بتوانین قوتابخانە و بەشی تایبەت بە بیناسازی ئیسلامی بکەینەوە، پێویستمان بە دووبارە زیندووکردنەوەی زانستە ئیسلامیەکان و هونەری ئیسلامی هەیە تاکو لەوێوە بتوانین دووبارە کەشفی بنەما مێتافیزیکی و ڕووحیەکانیان بکەین. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بیناسازی ئیسلامی زیندوو نابێتەوە تاکو نەتوانرێت موسڵمانی سەردەمی نوێ دووبارە لەدایک ببێتەوە و هەروەها ئەو کۆت و تەوقەی کلتور و فەلسەفەی ڕۆژئاواش کە بە گەردنی شارستانیەتی ئیسلامیەوەیە ناتوانریت لێبکریتەوە تاکو موسڵمانان لەو بوارەدا بەهۆش خۆیان نەیەنەوە و لەدایک نەبنەوە. جیهانی ناخ و ناوەوەی مرۆڤەکان کە خۆیان دروستی دەکەن و خوداش لەو ڕێگەیەوە جوانی خۆی پیشانی ئەوان دەدات، ناتوانرێت بە جوانی برازێنرێتەوە تاکو ناخ و ڕووحی ئەو کەسانە بە (فضائیل و احسان) نەڕازێنرێتەوە. هەروەها فۆرێک لە دانایی (الحکمە) پێویستە کە ئەمەش هەمیشە تایبەتمەندی هونەرمەند و زاناکان بووە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا.

٣- ئەم ئەرکەش بە گەورەیی دەمێنێتەوە، بەڵام کەسێک دەتوانێت هەمیشە لەسەرە تادا بێت بۆ فێرکردنی هەندێکی دیکە. کەسێکی دیکەش دەتوانێت هیوا بخوازێت یان نزا بکات کە نمونەی کەسایەتی ئەو یان ئەو کارە جوانانەی کە ئەنجام دەدرێن بەپێی بنەما ئیسلامیەکان بن هەروەک ئەوەی کە لە هەندێک نمونەدا لێرە و لەوێ بەرچاودەکەوێت لەوانە (ئەو گوند و خانوانەی کە لەلایەن حەسەن فەتحی دروستکران لە میصر، یان ئەو مزگەوتەی کە لەلایەن عبدالوحید الوکیل لە سعودیە دروسکران، یانیش ئەو شارۆچکە و بینایانەی کە لەلایەن کامیل خان مومتازەوە دیزاین کران لە پاکستان) ئەم کارانەش وەک ڕووناکیەک دەدرەوشێنەوە بۆ لەناوبردنی ئەو تاریکیەک کەبەسەریاندا هاتبوو. ئێستاش بەیارمەتی هونەر و بیناسازی ئیسلامی ڕەسەن دەتوانرێت ئەو شڵەژان و ناشرینی و ناڕێکیەی کە باڵی بەسەر ژینگەی بیناسازی ئیسلامیدا کێشاوە بگۆڕدرێت بۆ جوانی و سازگاری و ڕێکی و ڕووناکی کە تایبەتمەندی شار و شارۆچکەی ئیسلامی ڕەسەنن.

### لیستی سەرچاوە کوردیەکان

١- بورکهارت، تیتوس (٢٠١٦): گوڵبژێرێك لە کارەکانی تیتوس بورکهارت، وەرگێڕانی بۆ کوردی لوقمان بکر، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، تاران.

٢- قەفاش، ئوسامە (٢٠٢٠): چەمکەکانی جوانی دیدگەیەکی ئیسلامی، وەرگێڕانی بۆ کوردی کۆسار بەرزنجی، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوێن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی سەنتەری زەهاوی، سلێمانی.

٣- نەسر، سەید حوسەین (٢٠١٧): گەڕان بەدوای موقەدەسدا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی عزیز یاسین، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوێن، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٤- شـــۆن، فریتیۆف (٢٠١٩): هونەر لە پیرۆزەوە بۆ دونیایی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی بەختیار حســـین، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، تاران.

**لیستی سەرچاوە عەرەبیەکان**

١- الباشا، حسن (١٩٦٦): الفنون الاسلامية والوظائف على الاثار العربية، دار النهضة العربية، القاهرة، المصر.

٢- شافعى، فريد (١٩٨١): العمارة العربية ماضيها و حاضرها ومستقبلها، جامعة الملک سعود، الرياض، السعودية.

٣- هندي،أماني مشـهور، الحريري، & يسـرا مصـطفى(2018). فلسـفة الإختلاف فى العمارة الإسـلامية وأثرها على الحيز الداخلى. مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية, 3(العدد 11 (1)), 102-116.

**لیستی سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

1- Nasr. S,H, 1966. Ideals and realities in Islam. London, George Allen and Unwin, 1966. 28s. *Journal of the Royal Asiatic Society*, *100*(2), pp.179-180.

2- Schuon, F., 2011. Understanding Islam: A New Translation with Selected Letters. World Wisdom, Inc.

3- Ardalan, N and Bakhtiar, L, 1975. The Sense of Unity: The Sufi Tradition in Persian Architecture. Chicago and London: University of Chicago Press.

4- Burckhardt, T, 1993. Fez; City of Islam. Cambridge: Islamic Texts Society, Review of Middle East Studies, 27(1), pp.114-115.

5- Fathy, H., 2010. Architecture for the poor: an experiment in rural Egypt. University of Chicago press.

6- Nasr, S, H. 1978. An Introduction to Islamic Cosmological Doctrines. Harvard University Press.

7- Chittick, W.C., 1994. Imaginal worlds. Ibn al-ʿArabī and the problem of religious diversity. State University of New York Press.

8- El-Wakil, A, 1984. “Identity, Tradition and Architecture” in Arab architecture: past and present. Durah center for Middle Eastern and Islamic Studies.

9- Nasr, S, H. 1987. Islamic art and Spirituality. State University of New York Press.

10- Nasr, S, H. 2010. Islam in the modern world: Challenged by the west, threatened by fundamentalism, keeping faith with tradition. New York: HarperOne.

11- Burckhardt, T. (2009). Art of Islam: Language and meaning. World Wisdom, Inc.

12- Hillenbrand, R. (1994). Islamic architecture: form, function, and meaning. Columbia University Press.

13- Omer, S. (2008). Towards understanding Islamic architecture. Islamic Studies, 483-510.

14- Mohammadi, M., & Keramatifard, M. (2021). Philosophy of Aesthetics and Art in Islamic Architecture. International Journal of Multicultural and Multireligious Understanding, 8(2), 612-626.